


# کامێرای چاودێری پۆلیس بۆ ناسینی تاوانباران

کۆمپانیایەکی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە ئەمەریکا نوێترین کامێرای هۆشمەندی تایبەت بە چاودێری پۆلیس بەرهەم هێنا.. کۆمپانیای (coban technologies) هەوڵیداوە لە بەرهەمهێنانی کامێرای جۆری (dashcam) تاوانبار و گومانلێکراوان بکاتە ئامانج، ئەوانەی لە چنگ پۆلیس رادەکەن و یان ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەیان دەگۆڕن یان هەر ژمارەی لێنادەن..

کامێرا نوێیەکە پێکهاتووە لە ٦ کامێرا و پاش ئەوەی هەر ٦ کامێرایەکە وێنەیان گرت بەهۆی پرۆگرامی بەهێز کە هەر لە کامێراکەدایە شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ وێنەکە دەکات و تەنانەت ئەگەر تاوانباران چەکیشیان بەکارهێنا، جۆری چەکەکەیان دەستنیشان دەکات، پۆلیسی فیدراڵی ئەمەریکا پێیوایە کامێرایەکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمنییەتی زیاتر لە شار و شەقامەکاندا هەبێت.



# لوتکەی داهێنان لە کۆمپیوتەری MSI Infinite X دا

ركابەری نێوان کۆمپانیاکان بۆبەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بەردەوامە، کۆمپیوتەری بەهێز بەرهەم هاتوون، کۆمپانیای MSI هەر لەسەرەتاوە هەوڵیداوە بەهێزترین کۆمپیوتەر بەرهەم بێنێ.. نوێترین بەرهەمیشی کۆمپیوتەری جۆری MSI Infinite Xە. لە نەوەی هەشتەمی پرۆسیسەری ئەنتەل لە مۆدێلی 8700K-Core i7 سوود وەرگیراوە. سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە. نوێترین تەکنەلۆژیاکانی تێدا بەکارهاتووە. مەزەڵبۆردی بەهێزی Z370ی لەسەرە. کارتی گرافیکی لە جۆری MSI GTX1080 Tiە و ١١ گیگابایتە.. شوێنی دانانی ٤ رامی هەیە.. رامی ٦٤ گیگابایتی بۆ دادەنرێ.. کۆمپیوتەرەکە زیاتر بۆ کاری گرافیکی قورس وەك دیزاین و نەخشەسازی و فیلمی سینەماییدا سوودی لێوەردەگیرێ..





# سەگە بچکۆلەکەی سۆنی

رۆبۆتەکان چی وای نەماوە شوێن بە گیانلەبەرە ماڵییەکان وەك سەگ و پشیلە لەق بکەن، پشیلەی رۆبۆت، سەگی رۆبۆت، باڵندەی رۆبۆت.... تاد ئەمانە ئەو رۆبۆتانەن کە لەماوەیساڵێکدا بەرهەم هاتوون..

کۆمپانیای سۆنی سەگێکی رۆبۆتی بەناوی Aibo بەرهەم هێناوە. سەگەکە هەموو هەڵسوکەوتێکی وەك سەگێکی راستی دەچێت.. وەڕین و کلکە سووتە و خۆ نزیك کردنەوە و ناسینەوەی ئەندامانی ماڵەوە لە سەگە رۆبۆتییەکەدا دەبیندرێن.



سۆنی پێیوایە رۆبۆتەکە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی سۆز و خۆشەویستی بۆ بنەماڵەکان بەتایبەتی لە پەروەردەکردنی منداڵاندا رۆڵی خۆی دەبینێ. چاوەکانی دەگۆڕدرێن و جەستەشی بە ٢٢ شێوە دەسوڕێت. بەڵام کێشەی سەرەکی رۆبۆتەکە لە شەحنبوونەوەی باترییەکەیدایە، چونکە کاتێك شەحن بوویەوە بە دوو کاتژمێر دادەبەزێ. رۆبۆتەکە لەگەڵ خووخدەی خاوەنەکەی خۆی دەگونجێنێ و لەوان فێری شادی و خەم دەبێت. رۆبۆتەکە پرۆگرامێکیشی لەگەڵدایە بۆ رێکخستنی شاشە و کامێراکانی سەگەکە، جگە لەوەش ئێسکێکی لەگەڵدایە کە سەگەکە بەدوای دەکەوێت و دەیگرێتەوە.

# هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی هارددیسکی ٤٠ ترابایتی




کۆمپانیای ڤێسترین دیجیتال کە کۆمپانیایەکی ناوبراو لەبەرهەمهێنانی هارددیسکدا لەم ماوەیەدا هارددیسکی جۆری UltraStar HS14 بەرهەم هێنا کە بەناوەکەی را دیارە قەوارەی داکردنی داتاکان لەودا ١٤ ترابایتە..

بەرهەمهێنانی هارددیسـکێك بەم قەوارە زۆرە گۆڕانكارییەکە لە هارددیسـکدا، چونکە گەر تەنانەت ٥ سـاڵ بۆ دواوە بگەڕێینـەوە، هارددیسـکێکی لـەم جـۆرە بە خەیاڵ سـەیر دەکـرا.. کۆمپانیای ناوبـراو رایدەگەیەنێ ئێمە بەوە ناوەستین و لە هەوڵداین هارددیسکێکی ٤٠ ترابایتی بەرهەم بێنین.

هارددیسـکی ناوبـراو نـاوەوەی لەبـری موگناتیـس بـە گازی هیلیۆم پڕکراوە و بـە خێرایی RPM 7200 لە خولەکێکدا دەسوڕێتەوە.. تەمەنی بەکەڵکی هاردەکە ٢,٥ ملیۆن کاتژمێرە و ٥ ساڵ گرەنتی و خزمەتگوزاری لەگەڵدایە. بە خێرایی ٢٣٣ میگابایت لە چرکەیەکدا داتاکان دەگوازێتەوە..



# چاوخشاندنێک بەسەر مۆبایلی رێزەردا

کۆمپانیـای (Razer) کۆمپانیـای بەهێـزی سـەختە ئامـرازی کۆمپیوتـەرە، پارچەکانـی کۆمپیوتـەرە سەرکەوتووەکان لەلایەن کۆمپانیای ناوبراو بەرهەم دێن، کۆمپانیا ئێستا خۆی دەستیکردووە بە بەرهەمهێنانی نوێتریـن مۆبایـل بەنـاوی razer phone ە. مۆبایلـی ناوبـراو تایبەتـە بـە یـاری ئەلکترۆنـی و دیـارە هەرچەندە بە مۆبایل و کۆمپیوتەر یاری ئەلکترۆنی دەکرێن، بەڵام کۆمپیوتەر یان مۆبایلێك تایبەت بە یاری دەبێ لە بواری سەختەئامرازەوە بەهێز بن.

شاشەی مۆبایلەکە ٥,٧ ئینجە. خێرایی و بەهێزی شاشەکە لە مۆبایلە سەرکەوتووەکانیش دا نابیندرێن.. روون و بریقـەداری QHDیـە. پرۆسیسـەرەکەی ٨ ناوەکییـە. رامەکـەی ٨ گیگابایتـە، میمـۆری ناوخـۆی ٦٤ گیگابایتە. دوو سپیکەری زۆر بەهێزی هەیە. مۆبایلێکی وا بەهێز دەبێت باترییەکی بەهێزیشی هەبێ، بەڵێ باترییەکەی ٤٠٠٠ میلی ئەمپێرە.. چوارچێوەیەکەی لە ئەلەمینیۆمە.. سیستەمی ئەندرۆیدی ٧ە. پشتەوەی دوو کامێرای ١٢ میگاپیکسلی هەیە و پێشەوەی کامێرایەکی ٨ میگاپیکسلی، بلوتوسەکەی لە نەوەی پێنجەمە، سیستەمی ئەمنییەتی پەنجەمۆری هەیە..

# لاپتۆپێکی گرنگ و تایبەت لە ئایسۆسەوە

کۆمپانیای asus بەیەکێك لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی بەتایبەتی کۆمپیوتەری دیسکتۆپ و لاپتۆپ دێت. کۆمپانیا ناوبراو لەم ڕۆژانەدا لاپتۆپێکی گرنگ و تایبەتی خستەڕوو کە بە جۆری ROG G703 ناسراوە.

لاپتۆپەکە زیاتر بۆ گەیمە و کاری گرافیکی وەك کاری ستۆدیۆ و سینەمایە، بەڵام کۆمپانیا رایدەگەیەنێ گەمە ئەلکترۆنییە قورسەکان بە کۆمپیوتەری ئاماژە بۆ کراو دەکرێنەوە..

شاشەی لاپتۆپەکە ١٧,٣ ئینجە. خاوەنی پرۆسیسەری جۆری ئۆرکلاکە. خێرایی لاپتۆپەکە ٣,٤٠٠ گیگاهێرتزە.. چوار سپیکەری بە هێزی هەیە.. دوو پانکەی ١٢ ڤۆڵتی هەیە و بەهۆیەوە تۆز و خۆڵ ناگرێت، رامەکەی ٣٢ گیگابایتە و دەکرێ ببێتە ٦٤یش.. کارتی گرافیکی زۆر بەهێزی لەسەرە..



# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی وێنەی پانۆرامایی

وێنەی پانۆرامایی بەو وێنانە دەگوترێ کە لە یەك وێنەدا کامێرا وێنەیەك دەگرێ بە خولانەوەی ٣٦٠ پلە، جگە لەوەش هەم ئاسمان و هەم زەویش لەگەڵدایە و تەنانەت خاڵێکیش لەبیر ناکرێ..

هەرچەندە کامێراکان تایبەتمەندی گرتنی وێنەی پانۆرامایيان هەیە بەڵام وێنەکان بەبێ پرۆگرامێکی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە داندراون تەواو نین.. زۆر پرۆگرام هەن کە کاریان دەستکاریکردنی وێنە و دروستکردنی وێنەی پانۆرامایيە، یەکێك لە پرۆگرامەکان پرۆگرامی ArcSoft Panorama Makerە. پرۆگرامەکە لە تێکەڵکردنی چەند وێنەیەك وێنەیەکی پانۆرامایی

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێك پرسیار دەکات ئایا کامێراکانی سەر لاپتۆپ یان مۆبایل تا چ رادەیەك جێگای دڵنیايين؟ دەکرێ کەسانی دیکە بێ ویستی ئێمە کامێراکان بکەنەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بەداخەوە دەبێ پێت بڵێین دەکرێت، هەرچەندە بە ئاسانی نییە، بەڵام کەسانی شارەزای ئەو بوارە گەر بیانەوێ ئەم کارە بکەن بە ئاسانی دەکرێت، بۆ ئەوەی کە تووشی ئەم گرفتە نەبی لەو کاتانەی کە پەیوەندی دەنگ و رەنگت نییە لەسەر مۆبایل یا لاپتۆپ پێویستە لەزگەیەکی تایبەت لەسەر کامێرای لاپتۆپەکەت بدەی و هی مۆبایلەکەت لە ژێر کەڤەردا دەرنەکەون...




# کاتژمێری هۆشمەند تایبەت بە مەلەوانی

کاتژمێرە هۆشمەندەکان ئەگەرچی هەر رۆژە لەلایەن کۆمپانیایەکەوە هەواڵی تایبەت بەرهەمهێنانیان بڵاو دەبێتەوە، بەڵام هێشتاش ئەوەندە گشتگیر نەبوونە و شوێنی مۆبایلیان لەق نەکردووە، تەنانەت جێگەی کاتژمێری کلاسیکیشیان نەگرتۆتەوە..

لەم ماوەیەدا کاتژمێرێکی نوێ بەناوی Descent Mk1 لەلایەن کۆمپانیای گارمینەوە بەرهەم هات، کە تایبەتە بە چالاکی مەلەوانی..

کاتژمێری ناوبراو ستایلەکەی وەك هەموو کاتژمێرە هۆشمەندەکانە، بەڵام تایبەتمەندییەکی هەیە کە تایبەتە بە مەلەوانی و خۆهەڵدانە ناو ئاو.. بەهۆی ئەو تایبەتمەندیە و سوود وەرگرتن لە GPS, GLONASS شوێنی خۆفڕێدانە ناو و شوێنی دەرکەوتنەکە تۆمار دەکات، ئەو کارەش ئۆتۆماتیکی ئەنجام دەدات و پێویستی بەداگرتنی دوگمەی تایبەت نییە. مەلەوان ئەوکاتەی لەناو ئاوە دەتوانێ زانیاری ورد لەبەرای قوڵایی، رێژەی ئاو، پاڵەپەستۆی ئاو، گەرمای ناو ئاو لەسەر شاشەی کاتژمێرەکە ببینێ. جگەلەوەش وەك گشت کاتژمێرێکی دیکە پەیوەند دەدرێ بە مۆبایلەوە و نەخشەکان بۆ مۆبایل بەرێ دەکات.




دروست دەکەن، یانی بەکارهێنەر هەرجۆرێك وێنە لە شوێنێك بگرێت، بەهۆی هۆشمەندی کامێراکە وێنەکان دەچنەوە پاڵ یەك و وێنەیەکی پانۆرامایی دروست دەبن.
بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:
- ئامادەکردنی وێنەیەکی پانۆرامایی بەشێوەیەکی ئاسان.
- پێویست بە کامێرای تایبەت ناکات.
- لە وێنەکانی ناو فیلمێکیش وێنە دەردێنێ و وێنەی پانۆرامایی دروست دەکات.
- وێنە پانۆراماییەکان بە٥ جۆر دروست دەکات.
- بەرێکردنی وێنەکان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.




## ماڵپەڕێک لە ناساوە

ناسا (nasa) واتە رێکخراوی گەردووناسی ئەمەریکا، گەورەترین سەرچاوەی تایبەت بە گەردووناسی تێدایە، هەرچەندە بەشێك لە زانیارییەکان خەڵکی ئاسایی دەستیان پێڕاناگا، بەڵام هەندێك زانیاری بۆ هەموانە وەك سایتی eyes.nasa.gov کە بە (چاوی ناسا) ناسراوە، سایتەکە پڕە لە بابەتی جۆراوجۆری گەردووناسی کە لەلایەن ئەندازیارانی ناساوە ئامادە کراوە و هەروەها ڤیدیۆ و ئەنیمەیشنی تایبەتی تێدایە.. سایتەکە خۆی لەسێ بەش پێکهاتووە، زەوی، کۆمەڵەی خۆر، هەسارەکانی سەرووی خۆر...